www.kurdistannet.org
4-4-2007 0:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەڵامێک بۆ شادان هەمەد و هاوشێوەکانی... محەمەد شکاک

Shkak91@yahoo. com

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بەشادان خان بڵێم کە مێشك و بیری خۆت لەو عەقلە خێڵەکی ودواکەوتوە پاك کاتەوە و ئینجا وەرە رەخنە لەو شێوازی ئاهەنگەکەی (جەمشید) بگرە کە تۆ بە کورِە فارس ناوی دەبەیت و

دەنگە زوڵاڵ و ناسکەکەی کاکە جەمشید بە سەقەت ناودەبەیت من لە شادان خان دەپرسم ئەگەر تۆ شارەزایت لە بواری گۆرانی گوتن و مۆسیقا هەیە چۆن دەنگی جەمشید بە سەقەت ناو دەبەیت؟؟؟؟؟

ئەگەر شارەزایشت نیە لە جێگەی خۆت بێ دەنگ بوایتایە باشتر بوو وەکو لەوەی دەنگی جەمشید بە سەقەت ناوزەند بکەیت....

دواتر ئەگەر جەنابت پێت وایە تەلەفزیۆنی زاگرۆس بە ڕیکلام کردن بۆ ئاهەنگی جەمشید سەنگ و قورسایی خۆی لە دەست دەدات لەوەشیانە زۆر هەڵەیت چونکە تەلەفزیۆنی زاگرۆس یەکێکە لەو تەلەفزیۆنانەی خاوەن بینەرێکی ئێجگار زۆرە باوەڕ ناکەم هەرگیز قسەکانی تۆ لە جێگەی خۆی بێت بە ڕیکلام کردن بۆ ئاهەنگی جەمشید تەلەفزیۆنی زاگرۆس وسەنگی خۆی لە دەست بدات....

من وەکو ڕۆژنامە نوسێکی هونەری کاتێك کە نوسینەکەی تۆم لە کوردستان نێت خوێندەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە بەرامبەر بەو غەدرە گەورە ی کە تۆ بەرامبەر بە (جەمشید) ت کرد بێ دەنگ نەبم و لێت بێمە وەڵام تاوەکو نە تۆ و نە هاوشێوەکانی وەکو تۆ سوکایەتی بە هونەرمەندانمان نە کەن و لە خۆتانەوە و بێ شارەزاییانە دەنگیان بەسەقەت لەقەڵم نەدەن

تۆ لە بەشێکی نوسینەکەت باسی ئەوە دەکەیت کە ئێمە ڕەخنە لە هونەرمەندانمان دەگرین

واتە بە کوردییەکەی پێمان شەرمە کاتێك هونەرمەندێکی خۆمان دەبینین کە کلیپی لە گەڵ کچێکی بیانی کردووە

من لە شادان خان دەپرسم ئایا تۆ ئامادەی کلیپ لە گەڵ هونەرمەندێکی خۆمان بکەیت؟؟؟؟

دەزانم بە نەخێر وەڵامم دەدەیتەوە ئێ دەکەواتە کە ئێوەی کچەکوردانمان ئامادە نین کلیپ لەگەڵ هونەرمەندانمان بکەن ئەی چۆن ڕەخنەیان لێ دەگرن کە کلیپ لە گەڵ کچی بیانی دەکەن من هیچم بۆ تۆ نەماوە شادان خان و هاوشێوەکانی شادان تەنها دەڵێم لە خەو هەڵسن با لە پێشکەوتنەکان دوا نەکەون و عەقلی خێڵەکی و دواکەوتوەکانی خۆتان فۆڕمات کەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.